# لەشفرۆشی وەک دیاردەیەکی ترسناک

**مەجید دڵنیا**

ئەورۆژەم لەبیرناچێتەوە کەلەسەر تەلەفزیۆن مەسئولێک باسی بەرژەوەندی گەل وئەخلاقی کوردانەی دەکرد،کەچی شەوێک وەک منداڵ بەسەر قاچمدا کەوتبوو تا ئافرەتێکی بۆ پەیدا بکەم

((قسەی لەشفرۆشێک))

ئەو دەربرینە قسەی ئافرەتێکی لەشفرۆشە کە رۆژنامەی میدیا لە ژمارەی 202دا دواندوویەتی.ئەو قسانە بەو راشکاویە جێگای نیگەرانیە و ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ دەسەڵاتێک کە ئەوە مەسئولەکانیەتی ،بۆ دامرکاندنەوەی ئاڵۆشی شەوێک لەئاست ئافرەتێکی سۆزانیدا چەندرەزیل و بچوکن،جگەلەوەش ئاماژەی روولەسەربوونی کاری سێکسگەراییە کە لەشفرۆشی دەرهاویشتەکەیەتی.

ئەم بابەتە هەڵدەگرێ بە رژدی کاری لەسەر بکرێ.

بەپێی هەموو ئەوقسەو باسانەی لە کوردستانەوە دەگەن ،لەشفرۆشی وەک دیاردەیەکی ترسناک لەم چەند ساڵەی دواییدا،روو لەهەڵچوونە.گەرچی ئەم کارە لەکۆمەڵگەی کوردیدا کەم تا زۆر بوونی هەبووە،با بەئاشکراش نەبووبێ،بەڵام دوای رووخانی بەعس و پشێوی و نائارامیەکانی باشوورو ناوەراستی عێراق و نەبووبی کارو زیادبوونی هەژاری،لەبەرامبەردا تارادەیەک بوونی ئارامیەکی باش لە کوردستاندا ،بوونەتە هۆی ئەوەی ئافرەتانێکی زۆری عەرەب بۆ کاری لەشفرۆشی رووله کوردستان بکەن.زۆرجار باس لەوەدەکرێ کە هوتێلەکانی کوردستان پربوون لە ئافرەتی سۆزانی عەرەب یا لەماڵەکاندا جێگیر بوون.ئەمە گەرچی هۆی هەرە دیار کەسەرچاوەکەی هەژارییەونان پەیداکردنە،بەڵام بەلایەکیتردا دەکرێ هەندێ جاروالێکبدرێتەوە ،کە ئەوە هەولێک بێت بۆ سرکردن و لەخشتەبردنی گەنجی کورد.ئەمەیان هەولێکە دوژمنانی کورد کاری بۆ دەکەن و دەیانەوێ لەورێیەوە کارلەکۆمەڵگەی کوردی بکەن،لەکاتێکدا کەئەوان بەکاری سەربازی ناتوانن بیکەن.زۆر جار دەبیستین کە دوژمنانی کورد ،بۆ ئەو نیمچە ئازادییەی لە باشووری کووردستان هاتۆتە ئاراوە و بۆ تێکدان و هەڵوەشاندنەوەو لێکترازاندنی کۆمەڵگای کوردی هەموو رێیەک دەگرنە بەر.ناردنی مادە سرکەرەکان و خواردەمەنی ئێکسپایەرو ئافرتانی بە ئایدز تووشبوو وناردنی گۆڤاری سێکس بۆ بازارەکانی کوردستان بەشێکن لەو هەوڵانە.دیارە هەریەک لەو حاڵەتانە کاریگەری نەگەتیڤی خۆی دەبێت.ئەوەی من دەمەوێت لەسەری هەڵوێستە بکەم،ئەوەیە کە سێکس بکرێتە سەرچاوەیەک بۆ بژێوی ژیان.

هەڵبەت شەرو ئاژاوە لەهەر شوێنێکدا بێت،دەبێتە هۆی تێکچوونی ژیان و بەرزبوونەوەی رادەی بێکاری وهەژاری.لەبەرامبەر ئەمەشدا ،مرۆڤەکان ناچار دەبن بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانیان پەنا بۆ زۆر کار ببەن کە باوەریشیان پێی نییە.بۆیە هیچ سەیر نییە لە ئاوها کۆمەڵگایەکدا،زۆرترین دیاردە ناجۆرونەشیاوەکان سەرهەڵبدەن،وەک ئەوانەی ئەمرۆ دەبینرێن،لەرفاندنی مرۆڤ(منداڵ وگەورە)،دزی و راوورووت،زیادبوونی تاوانکاری،دیاردەی قاچاغچیەتی و زۆریتر.

لەکتێبی پرۆتۆکۆلات حکمائ سەهیۆندا بەشێکی تایبەت تەرخانکراوە بۆ مەسەلەی برسیکردن(تجويع).سیاسەتی بە برسیکردن یەکێک بووە لەو سیاسەتانەی دەوڵەتە زل هێزەکان بۆ مەیسەرکردن و دەستبەسەرداگرتنی ئەوناوچانەی مەبەستیان بووە داگیریان بکەن.چوون ئەوان دەزانن لەهەروڵاتێکدا برسێتی پەرەیسەند هەموو دیاردەیەکی خراپ سەرهەڵدەدات.لەو رێگەیەوە هەولی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوی خێزان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان داوە.رەنگە ئەم پلانە زیاتر بۆ وڵاتانێک بێت،کە سیستمی خێزان وپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان تێیاندا بەهێزن.لەوچوارچێوەیەدا پێدەچێت ئابلۆقەی ئابووری درێژەی ئەوپلانەبێت.کەلێرەوە رەهەندە سیاسیەکە زەقتر دەردەکەوێت.دیارە

ئابلۆقەی ئابووری زیاتر خەڵک باجەکەی دەدات، نەک رژێمەکە.هەموومان پلانی ئابلۆقەی ئابووری سەر عێراقمان بینی کە چۆن خەڵکی رەش ورووت باجەکەیان دوا، برسێتی و هەژاری بە ئاستێکی کارەستبار گەیشت.بۆیە دیاردەی لەشفرۆشیش وەک یەکێک لەدەرهاویشتە خراپەکانی ئەوسیاسەتە سەریهەڵداو ئیستاشی لەگەڵدابێت، بەردەوامەو روولەزیادبوونە.بەپێی قسەکانی ئەوئافرەتە ئێستا چەندین گرووپ لە کوردستاندا هەن.

گەرچی تاکەکانی کۆمەڵ ئازادن لەوەی چۆن ممارەسەی ئازادی دەکەن ،بە ئازادی سێکسیشەوە.وەلێ کارەکە ئەوکاتە لەهێڵی ئاسایی خۆی لادەدات کە سێکس بکرێتە هۆیەک بۆ خۆژیاندن.لێرەدا پێویستە لە هۆکارەکانی بکۆڵرێتەوە.گەرچی ئەمە دیاردەیەکی تایبەت نیە بە کۆمەڵگای کوردی، لەتەواوی کۆمەڵگای بۆرژوازیدا ولەم ئەوروپایەی ئێستاشدا ئەم کارە بوون ورەواجی هەیە.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە ئافرەت خاوەنی ئابووریەکی سەربەخۆ نییەو ئەوکاتەی هەموو دەرگایەکی بەروودا دادەخرێت، بەناچاری پەنا بۆ کاری لەوبابەتە دەبات.لێرەدا بەبروای من دەکرێ خوێندنەوەیەکی ترمان بۆ ئەم حاڵەتە هەبێت.کەچی بەداخەوە لای ئێمە پێش ئەوەی لەهۆیەکانی لەشفرۆشی بکۆڵرێتەوە، ئەو ئافرەتانە بەرەو رووی سزای مەرگ دەبنەوە.زۆرمان بینی و بیست لەوئافرەتانەی بۆ پارووەیەک نان پەنایان بۆ ئەم کارە برد، دواتربەناوی نامووس و قەرەبووی شەرەفەوە کوژران ولاشەکانیان لەلێواری شەقامەکاندا فرێدران وزۆرجارقوربانیەکان بکوژەکانیان حیزبە دەسەڵاتدارەکان بوون .دیارە لە بەرامبەر ئاوها دیاردەیەکدا دەسەڵات ،بەپلەی یەکەم بەرپرسیارە،چونکە گەندەڵی ونادادی کۆمەڵایەتی و لێنەپرسینەوە، کارێکی کردووە مەسەلە چینایەتیەکانی زۆر زەق کردۆتەوە.لێپرسراوانی حیزبی وبەتایبەت حیزبە دەسەڵاتدارەکان خەیاڵی فریوون ویاری بەدۆلار دەکەن.سەرچاوەی هەرە زۆری پرۆژە داراییەکانیان لەدەسەڵاتی خۆیاندا کۆنترۆڵ کردووە، بەرامبەر بەوە خەڵکانێک کە خاوەنی کەس نین و خاوەنی هیچ نین، کەوتوونەتە سەر سفر.

ئەمە زیاتر لەو خێزانانەدا دیارە کە کاسبکاریان نییەو ئافرەتەکانیان ناچار بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان، پەنا بۆ کاری لەشفرۆشی دەبەن.

لەقسەکانی ئەو ئافرەتە لەشفرۆشە، ئەم راستیە بەروونی دیارە، بەوەی ئەگەر سەرچاوەیەکی بژێویان هەبێت، واز لەوکارە ناشیرینە دەهێنن، بەتایبەتیش کاتێک بەئیمزای 74ئافرەتی لەشفرۆشەوە داوا لە حکومەتەکەی سلێمانی دەکەن، بۆ دابینکردنی برە پارەیەک و دواتر وەڵامیش نادرێنەوە، ئەوە ئیر لێپرسراوێتی و بەهەند وەرنەگرتنی خەمی خەڵک زیاتر دەکەوێتە ئەستۆیان.بۆخۆم بروای تەواوم هەیەکە، زۆرێک لەو ئافرەتانە گەر سەرچاوەیەکی داراییان هەبێت، بەدڵنیاییەوە واز لەوکارە قێزەوونە دەهێنن.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە نموونەیەک بکەم، پێش شۆرشی ئۆکتۆبەر ئێوارانێک، لینین لەگەڵ ستالیندا پیاسە دەکەن.قسەوباس لەسەر شۆرش وکۆمەڵگەی رووسی دەکەن.لینین لە ستالین دەپرسێت، ئەو شوێنانەی بۆ کاری لەشفرۆشی درووستکراون ئەگەر شۆرش سەرکەوت، چییان لێدەکەیت?ستالین دەڵێت:ئەو شوێنانە هەموو دەروخێنم وئەوانەشی لەوێدا ،کاری لەشفرۆشی دەکەن، لەملیان دەدەم.لینین پێی پێدەکەنێت.دوای سەرکەوتنی شۆرش وکردنەوەی کارگەو فابریکا، خەڵکانێکی زۆر بەو کارگەو فابریکایانەوە پەیوەست دەبن.جارێکیتر لینین هەمان پرسیار لە ستالین دەکاتەوە، کاتێک سەرنج دەدەن ئەو شوێنانە زۆربەیان چۆڵ بوون، خەڵکەکەی بەسەرچاوەکانی کارەوە پەیوەست بوون.بۆیە لینین بە ستالین دەڵێت :ئەو ئافرەتانەی لەو شوێنانەدا کاری لەشفرۆشیان دەکرد، هۆیەکەی بێکاری بوو، بۆیە لەگەڵ دەستەبەربوونی کار ئەوان بە سەرچاوەکانی کارەوە پەیوەست بوون.

گەرچی کێشەی لەشفرۆشی هەربەوەندەش کۆتایی نایەت.وەک چۆن خەڵکانێک ،سواڵ دەکەن وپارەی باشیشیان دەستکەوتووە، ئیتر هەرفێربوون، بۆیە ئافرتانێکیش هەن، هەر فێربوون.بۆ ئەمانە پێویستیان بە

چاکسازی هەیەو پێویستە بخرێنە ژێر چاودێری کۆمەڵایەتیەوە.بۆ خەڵکانێک کە کاریان هەیەو دۆستیان هەیەو بەدوای کاری سێکسدا دەگەڕێن ،ئەمەیان پەیوەندی بە ئازادی سێکسەوە هەیە ،گەرچی هۆی تایبەتی خۆیشی هەیەو دەبێ هۆیەکانی دەست نیشانبکرێت.ئەمە بەمەرجێک هۆی سێکس کردنەکە بۆ پارە نەبێت.چوون سێکس بۆ خۆی ئاڵوگۆڕی هەستێکی ئینسانیەو کاتێک لەبەرامبەر بڕێک پارەدا ئەوکارە دەکرێت،هەستی لایەکی تیا ونەو کارەکە نیوەچڵە،چونکە کەسی لەشفرۆش لەژێر فشارێکدا ئەوکارە دەکات،کەفشاری بژێویەو کەسی بکەریش لەژێر ئیغرائاتی پارەدا کارەکە دەکات.بۆیە گەر هەڵەنەبم من ئەم کارە لەرووی مەعنەویەوە بەجۆرێک لە(ئیغتیساب )دەزانم،بەوەی کەلەژێر فشاردا کارەکە ئەنجام دەدرێت.

لەپەیوەند بەم بابەتەوە لە حیزبێکی بچوکدا کەسێکم لەسلێمانی دەناسی.ئەو برادەرە زۆربەی ئەو کەسانەی دەناسی کە خەریکی کاری سۆزانی بوون وپەیوەندیشی پێیانەوە هەبوو.ئەوکابرایە ئیشی ئەوە بوو،ئافرەتی بۆ مەسئولەکانی ئەو حیزبە پەیدادەکرد.ئەمە هۆیەک بوو بۆ مانەوەی ئەو کەسە لەپلەیەکی بەرزدا،چونکە لەسەرەوە پشتی دەگیرا.گەر ئەمە حاڵی مەسئولانی حیزبێکی بچوک بێت،ئەی دەبێ حاڵی مەسئولەکانی حیزبی دەسەڵاتدار چۆن بێت؟

بۆیە حکومەتێک گەر بیەوێت،لەخزمەتی هاووڵاتیانیدا بێت وبیەوێت کێشەوگرفتەکانیان چارەسەربکات،دەبێت لەهەوڵی دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی کاردا بێت،یا لانی کەم مانگانەیەکیان پێ بدرێت،تاخەڵکانێک ناچار نەبن بۆ بژێوی ژیان پەنا بۆ کاری ناشایستە بەرن کە لەشفرۆشی نموونەیەکیەتی.هەرچەندە پێم وایە حکومەت بە مەبەست نەکار بۆ ئەوانە دەدۆزنەوە،نەهەوڵی چارەسەری کێشەکەشیان دەدەن.ئاخر لۆژیک ئەمە قبوڵ ناکات.گەر ئەمانە واز لەکاری سۆزانچێتی بهێنن،ئەی کێ کۆڕی شەوانی مەسئولەکان گەرم بکات.

دوا سەرنج لەپەیوەند ئەم بابەتەوە ،ئەوانەی بەکاری لەشفرۆشیەوە خەریکن،قوربانی دەستی کۆمەڵگایەکی بێ ویژدانن،ئەو کۆمەڵگایەی شەرەفی کردۆتە پیرۆزترین شت ،بێ ئەوەی لا لەهیچ هۆیەکی تر بکاتەوە.لەکۆمەڵگایەکی وادا،کە تەنیا تاوانبار ئافرەتان بن و پیاوانیش وەک بەزەکی بانان بۆی دەرچن ،دەبێ هەر چاوەڕێی ئەوەبین ،لاشەی قوربانیانی ژن بەردەوام لەکەڵەکە بووندا بن.دەسەڵاتێک کە خۆی سەرچاوەی ئەو دیارەیەو درێژە پێدەری بێت،زۆر جاریش هەرخۆی بکوژی کەسەکان بێت،ئەمە مایەی تێرامان و هەڵوێستە لەسەر کردنە.

بەسەرنج لە بارودۆخی ئێستای کوردستان ،بووژانەوەیەکی باشی بەخۆوە دیوە،پارەو داهاتێکی باش دێتە دەست حکومەتی کوردستان،گەر کاری گەندەڵی لەهەموو بوارەکاندا کۆنترۆڵ بکرێت و گەر بیانەوێت کەمێک لەخزمەتی خەڵکی کوردستاندا بن وپاداشتی ئەو خەڵکە داماوە بدەنەوە ،ئەوە بەدڵنیاییەوە ئەو پارەو داهاتە بەزیادەوە بەشی ،مەسئولەکان و تێکرای خەڵکی کوردستانیش دەکات وزۆر دیاردەی زیانبەخشیش کۆتاییان پێدێت.

10-8-2005